شوبهەی دووەمی شەخس پەرستان

دەڵێن: بەڵێ هەرچەندە موشریكەكانیش وەكو ئێمە باوەڕیان بە تەنها پەروەردگاریەتی خوا هەبوو، بەڵام ئێمە لەوەدا جیاوازین كە ئێمە خوا دەپەرستین و، موشریكەكان خوایان نەدەپەرست و كافربوون !!.

هەڵوەشاندنەوەی شوبهەی دووەم

لە وەڵامدا دەڵێین:

ڕاستە ئێوە نوێژ دەكەن و ڕۆژو دەگرن و حەج دەكەن و زەكات دەدەن و زیكر دەكەن، كە ئەمانە هەموو عیبادەتن بۆ خوا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرستن دەكەن بۆ پێغەمبەر ﷺ و پیاوچاكان و قەبرەكانیان و شێخەكانتان.و عیبادەتەكەتان خالص و پاك و تەنها نیە بۆ خوا. بۆیە ئێوە بە خوا پەرست (عابد) دانانرێن ﴿ ولا أنتم عابدون ما أعبُد ﴾ چونكە شەریك بۆ خوا دادەنێن لە پەرستنداو پەروەردگار شەراكەتی كەس ناكات و ئەو عیبادەتەش قەبوڵ ناكات كە بۆ ئەوی دەكەن[1]؛ چونكە عبادەتێكی دەوێت بە خالیسی و تەنهایی بۆ ئەو بێت:

﴿ وما أُمروا إلاّ ليعبُدوا اللهَ مُخلصينَ له الدين حُنَفاء ﴾ سورة البيِّنة

وە موشریكەكانیش عیبادەتی خوایان دەكرد، وە حەجیان دەكردو نوێژی تایبەتیان هەبوو وە لە خوا دەپاڕانەوە، وە ئینكاری ئەوەیان نەدەكرد كە خوا شایستەی پەرستنەو دەبێت بپەرسترێت بەڵكو ئینكاری ئەوەیان دەكرد كە بەتەنها ئەو بپەرسترێت بۆیە دەیان گوت:

﴿أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا ﴾ الأعراف : ٧٠

واتە: ئایا بۆ ئەوە بۆمان هاتوویت كە خوا بەتەنها بپەرستین و واز بهێنین لە پەرستنی ئەو پەرستراوانەی كە باب و باپیرانمان دەیان پەرستن ؟!

---

(1) وەك لە حەدیسی قودسیدا هاتووە بە سەحیحی كە پەروەردگار فەرموویەتی:
﴿أنا أغنى الشركاء عن الشرك، مَنْ أشرك معي شيئاً تركتُهُ وشركَهُ﴾ وە لەبەر ئەو شیركە خوا عیبادەتی موشریكەكانی قەبووڵ نەدەكرد وەك دەفەرموێت: ﴿ وجَعَلوا للّه ممّا ذرَأ من الحرثِ والأنعامِ نصيباً، فقالوا: هذا للهِ بزعمهم، وهذا لِشركائنا، فما كان لشركائهم فلا يَصِلُ الى الله، وما كان للّه فهو يَصِل الى شُركائهم، ساءَ ما يحكمون ﴾ (١٣٦) الأنعام.
قال الإمام المفسِّر عبدالرحمن بن ناصر السعدي معنى الآية : (أن ما جَعَلُوهُ وتَقَرّبوا به لأوثانهم، فهو تقرُّبٌ خالص لغير الله، ليس لله منه شيء، وما جعلوه لله ــ على زعمهم ــ **فإنّه لايصل إليه لكونه شركاً**، بل يكون حظ الشركاء والأنداد، لأن الله غنيٌّ عنه، لايقبل العمل الذي أشرك معه أحد من الخلق. ا.هــ ((تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان)).

وە هەروەها دەیان وت: ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾ سورة ص : (٥) .

واتە ئەوە محمد دەڵێت: واز بهێنن لە هەموو پەرستراوەكانتان و تەنها یەك پەرستراو بپەرستن، بەڕاستی ئەم دەعوایە شتێكی سەیرە.

كەواتە: ڕازی بوون كەخوا بپەرسترێت، بەڵام نارازی بوون لەوەی كە بەتەنها بپەرسترێت!. هەروەكو شەخس پەرستانی ئەمڕۆ نارازین پێیان بڵێین تەنها هاوار بكەنە خواو داوا بەس لەو بكەن و سوێند تەنها بەو بخۆن و...

كەواتە لەم ڕوانگەیەشەوە كە هەردوولا خوایان دەپەرست جیاوازی نیە لە نێوان شەخس پەرستانی ئەم سەردەمەو موشریكەكانی كۆن، هەرچەندە جیاوازیش هەبێت لە جۆری خوا پەرستیەكەشیان و زۆرو كەمیەكەی.

مەبەست ئەوەیە كە موشریكەكانیش باوەڕیان بە خوا پەرستی هەبوو وە بە واقعی دەیان پەرست، بەڵام شتی تریشیان لەگەڵ دەپەرست.

وە بۆیەش پێیان دەوترێت (موشریك) چونكە شتی تریان كردۆتە شەریكی خوا لە پەرستن بۆ كردندا كەواتە خواو بتەكانیان شەریك بوون لەو پەرستنەی موشریكەكان بۆیان دەكردن.

وە ئەگەر خواشیان نەپەرستبا لەگەڵ بتەكانیان بە موشریك دانەدەنران چونكە ئەوكاتە شەریكایەتی دروست نەدەبوو !!

كەواتە لەم ئایەتانەی ڕابردوو بۆمان دەردەكەوێت كە موشریكەكانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ، وەكو شەخس پەرست ونەفامەكانی ئەمڕۆ باوەڕیان بەوە هەبوو كە:

أ ـ خوا هەیە.

ب ـ زیاتریش لە شەخس پەرستانی ئەمڕۆ باوەڕیان وابوو كە تەنها ئەویش پەروەردگاری جیهانیانە (رب العالمين)ـە، وە باوەڕیان وابوو كە ﴿ لا خالق ولا رازق ولا مالك ولا محيي ولا مميت ولا مُدَبِّر ولا رب إلا الله ﴾ واتە هیچ دروستكارو ڕزق دەرو خاوەن موڵك و زیندووكارو مرێنەرو بەڕێوەبەرو پەروەردگار نیە تەنها (الله) نەبێت.

ج ـ زیاتریش لەوە باوەڕیان وابوو كە ئەو خوایە گەورە پەرستراوەو شایستەی پەرستنیشە.

د ـ زیاتر لەوەش بە كردەوەش عیبادەتیان بۆ دەكردوو زیكرو ماڵ بەخشین و نوێــژو حــەجیان دەكــرد ـ بەپێی عەقڵی خۆیان ـ وە نەشیان دەوت خوا ناپەرســترێت بــەڵام دەیــان وت: چــۆن دەبێــت ئــەو بەتــەنها بپەرسترێت !.

بەداخەوە زۆر لە خەڵكی وا دەزانێ ئەگەر باوەڕی بە بوونی خوا هەبوو ئــەوە موســڵمانە و مــرۆڤ بــەوە دەبێت بە موسڵمان وە لە دوای ئەوە پەرستن بۆ هــەر شــتێك بكــات بەلایــەوە زەرەر لــە ئیســلامەتیەكەی نادات، چونكە باوەڕی بە بوونی خوا هەیە. نازانن كە موشریكەكانیش باوەڕیان بــە بــوونی خــوا هــەبووو هەروەها شەیتانیش باوەڕی بە بوونی خوا هەیەو (فیرعــەون)یــش بــاوەڕی بــەوە هــەبوو كەواتــە ئەوانــە هەموویان موسڵمان بوون بە گوێرەی گومانی ئەم نەفامانە!!

وازبهێنن لەو پەرستراوانەی تر كە لەخوا نزیكمــان دەكــەنــەوە: بــۆیــە دەیان ووت:

﴿قَالُوا أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾ (الأعراف: ٧٠)

ئایا بۆ ئەوە هاتوویت بۆلامان تاوەكو خوا بپەرستین بە تەنهاو وازبهێنین لەوانەی كە بــاب و باپیرانمــان دەیانپەرستن ؟!

كەواتە: ڕوون بۆوە جیاوازی نیە لە نێوان شەخس پەرستانی ئەمڕۆ لەگەڵ موشــریكەكانی كــۆن، لــەم ڕووەوە كە هەر دوولا باوەڕیان بووە بە تەنها پەروەردگاریەتی خوا و خالقیــەتی خــوا بــەڵام هــەردوو لایــان نارازین كە تەنها ئەو خوایە پەروەردگارەش پەرستراو (إله) بێت و هیچ یەكێكی تر نەپەرسترێت لەگەڵی و داواكردن و سەربڕین و نەزر كردن و بەگەورە دانانی بۆ نەكرێت ! .